# بەسەرهاتی کتێبێک

## بە بۆنەی ساڵڕۆژی بوومبارانی شیمییای هەڵەبجە لە لایەن (دەوڵەتی ئێراق)ەوە

## کام ئیدئۆلۆژی و بیروباوەڕ بە رادەی پوڵ پیرۆزە؟




**رۆژی** 1988/3/16 **ئەو رۆژەیە کە دەوڵەتی ئێراق شاری هەڵەبجەی بە بوومی شیمیایی بوومباران کرد.**

**لە ساڵی** 2000**دا بەبۆنەی ساڵڕۆژی بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجەوە نووسراوەیەکم بەناوی (ئایا کارەساتی هەڵەبجە و هیرۆشیما، وەکو یەکن؟) رەوانە کرد بۆ مانگنامەی (کوردستانی نوێ) لە لەندەن و لە ژمارە** 72**دا چاپکرا، هەمان نووسراوەم لە ساڵی** 2001**دا رەوانە کرد بۆ رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لە کوردستان و لە رۆژی** 2001/3/15 **لە ژمارە** 2402**دا بڵاوکرایەوە. سپاس بۆ دۆستانی کوردستانی نوێ!**

**ساڵی** 2003 **لە بەرنامەیەکی کوردی لە کاناڵێکی تەلەڤیزیۆنی بەناوی (کولتور سەنتەر) کە لە ئۆپناکاڵێن و لە ستۆکهۆڵم بڵاو دەکرایەوە، چەن دێڕێک کە بە کوردی و سویدی نووسیبووم، خوێندەوە، بەڕێوەبەری بەرنامەکە کوتێ: بەنیاز نیت ئەوانە وەک کتێبک چاپ بکەی؟**
**لە وەڵامدا کوتم: کتێبکم سەبارەت بە هەڵەبجە بەدەستەوە تا ئەوە چاپ نەکەم، هیچ شتێک چاپ ناکەم!**
**ئەو کتێبە** 150 **لاپەرە بوو، ناوەکەی هەمان ناوی (ئایا کارەساتی هەڵەبجە و هیرۆشیما، وەکو یەکەن؟) بوو.**
**لە مانگی مارشی**2003 **دا پڕۆسەی وەلاتانی سەدام هاتە ئاراوە، سەدام هاوکارانی دەسگیرکران و درانە دادگا، رووداوەکانی ئەم دەورە گرنگی تایبەتی خۆیان هەبوو، ئەوانەیشم خستە سەر ئەو کتێبە و ناوەکەیم کرد بە (لەیادی هەڵەبجە تا دادگاییکردنی سەدام) و ئامادەم کرد بۆ چاپ، بەڵام بەهۆیەک پەکی کەوت. پاش ئەوەی پڕۆسەی دادگاییکردنی سەدام کۆتایی هات، ئەو دادگاییکردنەیشم پێزیاد کرد و بە هەندێ ئاڵوگۆڕەوە ناوی کتێبەکەم کرد بە**
**لە یادی هەڵەبجە تا هەڵواسینی سەدام** From memory of Halabja to Saddams hangin
**ئەم کتێبە (**240**) لاپەڕەیە، باسەکانی بەڵگە و دیکۆمێنتی خۆیان لەگەڵدایە.**

**هەموو کتێبێک دوو پێناسەی هەیە. پێناسەکانی ئەم کتێبە بەو جۆرەیە**
**پێناسەی یەکەم**

1– **ئەندازەی لاپەڕەکان** A 5
**لای سەرەوە** 2 **سانتیمتر – لای خوارەوە** 2 **سانتیمتر**
**لای راست** 2 **سانتیمتر – لای چپ** 2 **سانتیمتر**
2– **بۆ دیاریکردنی شوێنی ژمارەی لاپەڕەکان چوومە بەشی** (INFOGA)، **پاشان چوومە بەشی** (sidnummer) **شوێنی ژمارەکانم بە** (Centera) **دیاریکرد، لە ناوەڕاستی یەکەمین لاپەڕەدا ژمارەی** 1 **نووسرا، خودی کامپیوتەر بە رێکوپێکی بێ ئەوەی من کاری لەسەر بکەم ژمارەی لاپەڕەکانی دیکەی لە ناوەڕاستی لاپەڕەکان و لە یەک شوێندا دەنووسی.**

3 – **پاش کاری ژمارە دانان چوومە بەشی (** visa **)، پاشان چوومە بەشی (**sidhuvud och sidfot**) شوێنی (**sidhuvud**)م هەڵبژارد، ناوی کتێبەکە واتە (لە یادی هەڵەبجە تا هەڵواسینی سەدام)م بە خەتێکی بچوکتر لە خەتی خودی کتێبەکە لە سەرووی یەکەمین لاپەڕەدا نووسی.**
**ئەم کارەیش بە یارمەتی کامپیوتر و بێ ئەوەی من کاری لەسەر بکەم لە هەموو لاپەڕەکاندا دەنووسرا.**
5– **ئەم کتێبکە بە ئەندازەی** 148 **و** 210 **میلیمتر کراوە بە**PDF **و بە ناوی(** läkare+idag **)ئامادە کراوە**

**پێناسەی دووهەم**
**پێشکەش بە کتێبخانەی هەڵەبجە**
**پێشکەش بە کتێبخانەی سەقز**
**پێشکەش بە دوو مامۆستام**
**مامۆستا کاتارینا نوردین** Katarina Nordin
**مامۆستا ئێدیت هاگلوند** Edith Haglund
**ژمارەی کتێب بەپێی لیستی کتێبخانەی پادشایی سوید** ISBN 978 – 91 – 633 –6261 – 3
Pulisher **نووسەر**
***

**لە مانگی 1ی ساڵی** 2010 **لە ستۆکهۆڵم چوومە چاپخانەیەک بەناوی** alfabetmaxima **بۆ چاپکردنی ئەو کتێبە، ئەو شوێنە هەم کتێبفرۆشییە و هەم ( فەرهەنگسەرای شاملو)یشە. کاتێک روو بکەیتە ئەو جۆرە شوێنانە خۆ ناکرێ لەگەڵ کتێب یا ماشینی چاپدا قسە بکەی، پێویستە لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەی. ئەو کەسەی کە سەبارەت بە چاپکردنی ئەو کتێبە قسەوباسم لەگەڵدا کرد ناوی (عەباس مەنسوران)ە . پێشتر من بەناوی (رەزا) دەمناسی، ئەوەیش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە من ئاشنایەکی وەهام لەگەڵیا نەبوو، تا لێی بپرسم ناوت چییە؟ پاش ئەوەی باسی کتێبەکەم بۆ کرد، کوتم ئەمەوێت پێش 16ی مارشی** 2010 **کە ساڵرۆژی هەڵەبجەیە ئەو کتێبە ئامادە بێت، کوتی: در مدت دو هفتە برایت آمادە میکنیم، هەروەها کوتیان دەتەوێت چەند دانەی لێ چاپ بکەی، کوتم** 300 **دانە، پوڵی چاپەکەی کردییە** 12000 **کرون.**

**رۆژی** 2010/2/10 **واتە مانگێک و چەن رۆژ پێش ساڵرۆژی هەڵەبجە کتێبەکانم وەرگرتەوە، بە دڵخۆشییەوە بردمەوە بۆ ماڵ، بەدەم رێگەوە بیرم لەوە دەکردەوە لە ماوەی ئەم یەک مانگ و چەن رۆژە کە بۆ ساڵرۆژی هەڵەبجەی ماوە، دەبێت دوو دانە بۆ (کتێبخانەی هەڵەبجە) دوو دانە بۆ (کتێبخانەی هەولێر) دوو دانە بۆ (کتێبخانەی سلێمانی)و دوو دانە بۆ رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) رەوانە بکەم، هەروەها چەن دانەیەکیش بۆ چەن دۆست و لایەنێک لە ستۆکهۆڵم، بە تایبەتی بۆ (کتێبخانەکانی ئاکالا و هوسبی** Akalla **و** Husby **) کە زۆر یارمەتیان کردووم.**

**کاتێک گەیشتمە ماڵەوە و تماشای کتێبەکانم کرد، بەداخەوە کۆشکی هیوا و تاواتم سەبارەت بەو کتێبە بەجارێک تێکتەپی! ئەوەیش بەو جۆرەیە کە یەک دانە لەو** 300 **کتێبە وەک فۆرمی کتێب بەکاری ئەوە نایەت بخرێتە بەردەست کەسیکەوە! شاید تۆی خوێنەری ئەم چەن دێڕە بپرسیت بۆچ ؟**
**پێناسەی یەکەمی ئەو کتێبە لەسەرەوە بەوردی باسکراوە، ئێستا بەو جۆرەی خوارەوەی بەسەر هاتووە:**

1– **ئەندازەی دەوری لاپەڕەکان کە** 2 **سانتیمتر بووە، ئەوانە وەک خۆی نەماوە!**
2– **شوێنی ژمارەی لاپەڕەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، لاپەڕەی وا دەبینی کە ژمارەکەی وا لە** 2 **سانتیمترییەکەی خۆیدا، لاپەڕەی وایش دەبینی کە وا لە نیو سانتیمریدا یا هەر ژمارەی نییە.**
3– **ناوی کتێبەکە کە بەرێکوپێکی لە سەرووی لاپەڕەکاندا نووسرا بوو، ئێستا بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین وا لە سەرووی لاپەڕەکاندا.**
4– **تێکڕای ئەو** 300 **کتێبە چەن لاپەڕەیەکی بە مەرکەبی کەمڕەنگ چاپکراوە.**
5 – **لاپەڕی خاڵی.**
6– **لاپەڕەی پێچەوانە – واتە سەرەوخوار.**
7– **لاپەڕەیی زیادی و لاپەڕەی لار.**
8 – **لاپەڕەی چڵکن و پیس، داوای لێبوردن ئەکەم کە ئەو وشانە بەکار دەبەم.**
9– **ئاڵوگۆڕی لاپەڕەیی بۆ نموونە: لە (**10 **بۆ** 14 **)لە (** 20 **بۆ** 200**)لە (**160 **بۆ** 33– 34– 35 **) و... .**
10 – **هەندێ کتێب دەبینیت نازانی لە لای راستەوە بیخوێنیتەوە یا لە لای چەپەوە.**

**11– کۆمەڵێک لە بەرگی کتێبەکان بە شێوەیەکی نارێکوپێک بڕاون کە خەتێکی سپی وا بەسەریانەوە، هەروەها کاری بەرکگرتن واتە صحافی کتێبەکە خۆی جێگەی سەرسورمانە!**

**هەر وەک لە سەرەوە باسکرا پوڵی چاپی ئەو کتێبە 12000 کرۆنە، ئەگەر خودی ئەو چاپخانە یا هەر کەسێکی دیکە بێیت و بڵێیت من ئەو 300 کتێبە بە 300000 کرۆن واتە دانەی بە 1000دەکڕم و دەیخەمە بەردەست خوێنەران، دەڵێم سپاس بۆ تۆ، ئەو کتێبانە بۆ ئەوە نابێت بکەوێتە بەردەس کەسەوە دەبێت لە پێشدا لەتوپەت بکرێت و پاشان فڕێبدرێت !**
**خوێنەری سەروەر دەوڵەتی ئێران لە ساڵی 1360 (1980) ماڵەکەمی لە سەقز داگیرکرد، لە ساڵی 1381 (2001) لە لاپەڕە 12ی رۆژنامەی (حیات نو) دا ئەو ماڵەی خستووەتە بازاری فرۆشەوە و نرخەکەیشی بەو جۆرە دیاری کردووە (77550000) تمەن.**

**رۆژی 2007/5/15 و رۆژی 2009/12/10 لە ستۆکهۆڵم دز درگای ماڵەکەمی شکاندووە، چووەتە ماڵەوە ئەوەی کە بوومە کۆنترۆڵی کردووە، بەڵام هیچی نەبردووە !**

**ئەو رووداوانە کاردانەوەی بەدی خۆیان بووە، بەڵام ئەوانە و دەیان شتی لەو جۆرە بە رادەی چاپکردنی ئەم کتێبە کە بەو جۆرەیان بەسەر هێناوە کاردانەوەی بەدی نەکردوەتە سەرم! تاکە دڵخۆشیم ئەوەیە کە پێش ئەوەی دەست بکەم بە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە، دەستم کرد بە کۆنترۆڵ کردنی لە باری جۆری چاپەوە. ئەگەر کۆنترۆڵم نەکردایەت و راستەوخۆ بڵاوم بکردایەتەوە، من وەک خاوەنی ئەو کتێبە سەبارەت بەوەی کە بەو جۆرە چاپ کراوە، چ وەڵامێکم بە خوێنەران بدایەتەوە؟**
**ئایا بەرپرسی ئەو چاپخانە لە بەرانبەر ئەو کارە کە لەگەڵ مندا ئەنجامیداوە، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت؟**
**ئێستا ئەو پرسیارە بۆ من هاتووەتە پیشەوە: ئەم کتێبە بۆچ بەو جۆرەی بەسەر هاتووە؟**

**ناوەرۆکی ئەم کتێبە بەد بێت یا باش هەر ئەوەیە کە هەیە، ئەگەر چاپەکەی وەک ئەوەی کە خۆم ئامادەم کردووە و داومەتە دەست چاپخانە ئامادە بکرایەت، ئێستا بڵاو دەکرایەوە و بە چاوی رێزەوە تماشای رەخنە و تێبینی هەر خوێنەرێکم دەکرد و بەپێی توانا وەڵامم دەدایەوە.**

**هەر کتێبک کە لە سویددا بە شێوەی قانوونی و بە ژمارەی رەسمی دەوڵەتی سویدەوە چاپ بکرێت دەبێت چەند دانەیەکی بۆ چەن شێوێنی دەوڵەتی، بۆ نموونە (کتێبخانە پادشایی سوید) رەوانە بکرێت تا لە ئارشیڤی خۆیاندا رایگرن. لەم 300 کتێبە یەک دانەی تێدا نییە کە بێ کەموکوڕی بێت تا بۆ ئەو کتێبخانەی رەوانە بکەم!**

**جێگەی داخ و سەرسورمانە جگە لەوەی کە ئەو کارەیان بەسەر کتێبەکە هێناوە، کارێکی دیکەیان بۆ ساز کردووم، ئەوەیش ئەوەیە لەبری ئەوەی داوای لێبوردنیان بکرادیەت و ئامادە ببوایەتن بۆ چاپکردنی سەرلەنوێی کتێبەکە یا پوڵەکەیان بگەڕایەنەتەوە بۆم و باسی ئەوەیشیان بکردایەت بۆچ وەهایان کردووە بەو کتێبە، دەبێت بڕۆمە لای پۆلیس و قانوونی دەولەتی سوید. لەگەڵ رێزم بۆ قانوونی سوید، قانوون بۆ کەسانێک دەنووسرێت کە لە رێبازی راستەقینەی ژیان لادەدەن و دەسدرێژی دەکەنە سەر ماڤی خەڵک!**

**تێبینی: بەڕیز (عەباس مەنسووران) وەک رابەرێکی کرێکاری و کۆمۆنیستێکیش لە (تەلەڤیزیۆنی کۆمەڵە)دا بەرنامەی کتێبناسی بەڕێوە دەبات و بۆ هوشیارکردنەوە کرێکارانی ئێران و جهانیش چالاک دەکەن .**

**بەو هیوایە ژیان رێگا بدات لە ساڵرۆژی هەڵەبجە لە ساڵی داهاتوودا ئەم کتێبە بکەوێتە بەردەستتان!**

2010/3/3
qayshi@yahoo.com
**سەعی سەقزی**